# دوور لەناراستی بوون و، نزیك لەبابەتیبوون

## غەفوور مەخمووری

داگیرکەرانی کوردستان، بەهەموو شێوەیك دژایەتی نەتەوەی کوردیان کردووەو، هەوڵیانداوە تایبەتمەندییە نەتەوەییەکانی کورد وەك نەتەوەیەك و کوردستان وەك نیشتمانی ئەو نەتەوەیە بسڕنەوە، بۆ ئەمەش پەنایان بە بەر جۆرەها سیاسەت و پیلانی گلاّو بردووە. بەر لەهەر شتێك کاریان کردووە کە مرۆڤی کورد وەکو هاووڵاتییەکی ئەو وڵاتە داگیرکەرە خۆی دابنێت و بیر بکاتەوەو کوردستانیش بە بەشێك لەخاکی ئەو وڵاتە داگیرکەرە بزانێت. جگە لەرووە سیاسییەکەی داگیرکردن و پێوەلکاندنی کوردستان بەو دەوڵەتانە، لەرووی جڤاکیشەوە نەتەوەی کورد دابەشی سەر سێ نەتەوەی رۆژهەڵات (عەرەب، فارس، تورك) کراوە، ئەم نەتەوە سەردەستانەش بەردەوام هەوڵیانداوە کلتوری خۆیان بەسەر نەتەوەکەمان بسەپێنن، ئەمەش وای کردووە لەرووی جڤاکی و کلتوریدا سێ واقعی جیا بەسەر نەتەوەکەماندا بسەپێت. بۆ نموونە لە باشوور و رۆژئاوای کوردستاندا کاریگەری زمان و کلتورو داب و نەریتە کۆمەڵایەتییەکانی عەرەب لەسەر رۆڵەکانی نەتەوەکەمان بە ئاشکرا دیارە، هەروەها لە رۆژهەڵات هی فارس و لە باکووریشدا هی تورك. ئەم کاریگەرییە وای کردووە کە زۆر لە رۆڵەکانمان هەمان دانە فەرهەنگیو زمانییەکانی ئەم نەتەوانە بەکاربهێنن ئەگەر بەزیانی نەتەوەو کلتورەکەشمان تەواوبێت. ئەم چەند دێرەم وەك دەستپێکی بابەتێکی گرنگ نووسی کە ئەویش بەکارهێنانی دەستەواژەی (کوردستانی عێراق، کوردستانی ئێران، کوردستانی تورکیا، کوردستانی سوریا)یە، هاوینی ١٩٩٨ بۆ چارەسەری قاچم لە سوریا (لەشام) بووم، ئێوارەیەکیان هۆزانڤانی کورد خانم (دیاجوان) لەگەڵ چەند کەسایەتییەکی تردا سەردانیان کردم، لەوێدا کە باسی رەوشی سیاسی کوردستانم بۆ کردن، باسی باکوورو باشوور و رۆژهەڵات و رۆژئاوای کوردستانم بۆ کردن، بەردەوام لەماوەی قسەکردندا دەمگوت (باشووری کوردستان، باکووری کوردستان، رۆژهەڵاتی کوردستان، رۆژئاوای کوردستان) بەم شێوەیە باسی هەریەك لەپارچەکانی کوردستانم بۆ کردن. ئەوای لەگەڵ خانم (دیاجوان) بوون زیاتر (کوردستانی عێراق، کوردستانی ئێران، کوردستانی تورکیاو کوردستانی سوریا)یان بەکاردەهێنا. ئەمە وای کرد کە بابەتەکەم بگۆڕم و بێمە سەر ئەم جۆرە ناوهێنانەی پارچەکانی کوردستان و بەناو هێنانێکی نادروستی دابنێم و پێم گوتن باشە ئەگەر کوردستان هی (عێراق و ئێران و تورکیاو سوریا)بێت کە چوار داگیرکەری کوردستانن، ئەی کوا کوردستانی کوردان، دوای گفتوگۆ لەگەڵ ئەم بەرێزانەی رۆژئاوای کوردستان، ئەوانیش هاتنە سەر ئەو باوەڕەی کە دەبێت بگوترێت باکوور و باشوور و رۆژهەڵات و رۆژئاوای کوردستان.

دیاره لەدووەم دابەشکردنەوەی کوردستاندا بەسەر داگیرکەرانی کوردستاندا هەریەك لە عێراق و ئێران و تورکیا و سوریا بەبێ خواستی کورد بەشێکی کوردستانیان پێوە لکێنراو ئەوانیش داگیریان کردو تائێستاش بە جۆرەها رەفتاری شۆڤێنیو تیرۆریستیانە کەوتوونەتە دژایەتی کردن و سەرکوتکردنی نەتەوەکەمان بۆ درێژەدان بەو داگیرکارییە و دەست بەسەرداگرتنی خێروبێری کوردستان. ناوهێنانی کوردستانیش بە (کوردستانی عێراق یا کوردستانی ئێران یا کوردستانی تورکیاو یا کوردستانی سوریا) جەخت کردنەوە سەر پێوەلکاندنی کوردستان بەو ولاّتانەو ئەو دەوستەواژانە دانەی فەرهەنگی داگیرکەرانی کوردستانن و دەبێ کورد خۆی لە بەکارهێنانیان بەدوور بگرێت. لەبەر ئەوەی هیچ کات خاکی کوردستان بەشێك نەبووەو نییە لەخاکی ئەو ولاّتە داگیرکەرانەی کوردستان و بەکارهێنانی ئەم دەوستەواژانەش بەکارهێنانێکی نادروستەو لەجێی خۆیدا نییە، ئەگەر رۆشنبیرانمان بەم شێوەیە ناوی کوردستان بهێنن، ئەوا جارێکی تر کوردستان بەم ولاّتانەوە دەلکێنن کەچەندین ساڵە ولاّتەکەمانیان داگیرکردووە.

بەکارهێنانی دروست ئەوەیە کە لەبری (کوردستانی عێراق- باشووری کوردستان، لەبری کوردستانی ئێران- رۆژهەلاّتی کوردستان، لەبری کوردستانی تورکیا- باکووری کوردستان و لەبری کوردستانی سوریا- رۆژئاوایی کوردستان) بەکاربهێنرێت. زۆرجار لێرەو لەوێش بەکارهێنانی کوردستانی باشوور یا کوردستانی باکوور.. تد دەبینین، بەباوەڕی من ئەمەش هەر هەڵەیە، دروسترین بەکارهێنان بەکارهێنانی (باشووری کوردستان، باکووری تد)ە.

ئەگەر سەیر بکەین برایانمان لە یەکێتی سۆڤیەتی پێشوو هیچ جارێك (کوردستانی سۆڤیەت)یان بەکارنەهێناوە بگرە بەردەوام (کوردستانی سوور)یان بەکارهێناوە، لەمەشدا پشتیان بەهۆکاری جوگرافی خاکی ئەم بەشەی کوردستان بەستووە، کە وەك باسی دەکرێ خاکەکەی ئەم بەشەی کوردستان رەنگی سوورە. نەك بەمەبەستی ئەوەی کە ئەو بەشەی کوردستان لەژێر دەستی کۆمۆنیستەکاندا بووە ئەم ناوەی بەسەردا بڕابێت، سووراتیەکەی لە خاکەکەیەوە هاتووە نەك لە کۆمۆنیستێتیەوە.

با لەمەودوا هەوڵبدەین ئەو دەستەواژەو دانە فەرهەنگیانەی کە لەلایەن داگیرکەرانی کوردستان بەکارهێنراون خۆمانیان لێ بەدوور بگرین و دانەی فەرهەنگیو دەستەواژەی خۆماڵیو کوردانەو هەڵقولاّوی نێو زمانەکەمان بەکاربهێنن.

ئەم کارەشمان پێنگاڤێك دەبێت بۆ بنیاتنانەوەی فەرهەنگی کوردی و پاککردنەوەی زمانەکەمان لە دەستەواژەی داتاشراوی داگیرکەرانی کوردستان، بانەوەی داهاتوومان بەم شێوەیە پەروەردە بکەین کەچیتر پەنا نەباتە بەر فەرهەنگی داتاشراوی داگیرکەرانی کوردستان.

لەکۆتاییدا دووبارەی دەکەینەوە کە کوردستان بەهیچ شێوەیەك بەشێك نەبووە لەخاکی (عێراق و ئێران و تورکیاو سوریا)و ئەوانە دەوڵەتی داتاشراون و بەزۆر خاکی ولاّتەکەمانیان پێوە لکێنراوەو داگیریان کردووە، بۆیە مافێکی ڕەوای خۆمانە کە لەپێناو رزگارکردنی ولاّتەکەمان لەژێر دەسەلاّتی ئەم داگیرکەرانە پەرە بەخەباتی رەوای خۆمان بدەین تاوە دەست هێنانی کوردستانێکی سەربەخۆ و ئازادو یەکگرتوو و دیموکرات.